

# له ئەڵمانیاوە شەڕ دژی پەکەکە دەکرێت

KURDISTAN
DIPLOMATIC

دوران کاڵکان
ئەندامی کۆمیتەی
بەڕێوەبەری (پەکەکە)

ئامادەکردنی: شنیار



**دوران کاڵکان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پەکەکە، پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەڵمانیا و سیاسەتەکانی ئەڵمانیا بەرامبەر بە پەکەکە (کوردان)ی هەڵسەنگاند. 25 ساڵ بەسەر ئەو قەدەغەکارییەی ئەڵمانیادا تێپەڕی کە بەسەر پەکەکەدا سەپاندوویەتی. وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا هەموو ساڵێک ئەو قەدەغەکارییە لەسەر پەکەکە تازە دەکاتەوە. هەفتەی ڕابردووش هەڵیکوتایە سەر ڕێکخراوە کوردییەکان.**

ئەڵمانیا، کە ماوەی 30 ساڵە پشتیوانی لە تورکیا دەکات، لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە لە بەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیی کوردان سیاسەتی «تێکدەرانە» و «پاکتاوکارانە»ی بەڕێوە دەبرد. دوران کاڵکان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پەکەکە، کە لە ساڵی 1988 تاوەکو 1994 لە زیندانەکانی ئەڵمانیادا دیلکرابوو. هەڵسەنگاندنی بۆ پەیوەندیی تورکیا - ئەڵمانیا و سیاسەتی ئەڵمانیا بەرامبەر بە پەکەکە - کوردان-ی کردوە.

دوران کاڵکان ئەوەی خستەڕوو، تورکیا حکومەتی ئەڵمانیا بە هی خۆی دەزانێت. ڕاشیگەیاند، ئەڵمانیا لە چەند ویلایەتێک پێکدێت، مرۆڤ دەتوانێت تورکیا بە یەکێک لەو ویلایەتانە زیاد بکات. کاڵکان ئەوەشی وت «لەبەر ئەوەی کرێکارانی تورک چوونەتە ئەڵمانیا، لە ئەڵمانیاش، کۆمەڵگا ئاوێتەی یەکتر بوو و بەو هۆیەوە پەیوەندییەکانیان زیاتر بوون».

کاڵکان لە درێژەی بابەتەکەیدا نووسیویەتی «لە ساڵانی هەشتاکاندا ئێمە لەوە تێگەیشتین، کە مێزی ناتۆ، مێزی تورکیا و ئەڵمانیایە. بەڵێ، ناوەندی ناتۆ لە برۆکسلە، بەڵام مێزی تورکیا لە ناتۆدا، لە ئەڵمانیایە. لەبەر پەیوەندییە ئابووری و ستراتیژییەکان، مێزەکەی تورکیا لە ناتۆ، لە ئەڵمانیایە».

لەبەر ئەوەش بارەگا و ناوەندی بەڕێوەبردنی کودەتای فاشیستەکانی 12ی ئەیلولی 1980ی تورکیا، ئەڵمانیایە. بەڕێوەبەرانی 12ی ئەیلول لە ئەنقەرەوە بەڕێوە نەبران، بەڵکو لە ئەڵمانیاوە بەڕێوەبران. پێش هەموان ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر تێکۆشانی پەکەکە و ئامادەکاریی گەریلاکان. ئەڵمانیا هێزی بەخشییە ئەو کەس و لایەنانەی مەیلی پاکتاوکاری و کاری جیاوازیان هەبوو. ژمارەیەکی زۆر سیخوڕیان ئامادە کرد و ناردنیانە سەر پەکەکە.

لە دوای 15ی ئاب، ئەو ناوەندەی کە لە ئەنقەرە زیاتر شەڕی لە دژی گەریلاکان ئەنجامدا، ئەڵمانیا بوو. ئەڵمانیا تەنها کاری دوژمنایەتی لە بەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیی کوردستان ئەنجام نادات، بەڵکو ستراتیژ و تاکتیکیش بۆ تێکدان و نەمانی ئەو بزووتنەوەیە دادەنێت. بە تایبەتیش لەم ساڵانەی دوایدا لە ئەڵمانیاوە شەڕ لە دژی پەکەکە دەکرێت و فەرماندەیی شەڕەکەش دەکەن.

کاڵکان لەبارەی سیاسەتەکانی ئەڵمانیا بەرامبەر بە کوردان وتی «گەلۆ بە ڕاستی ئەڵمانیا سیاستی بەرامبەر بە کوردان هەیە؟ یان ڕاستتر گەلۆ، ئەڵمانیا کوردانی قبوڵ دەکات یان نا؟ کوردان وەک گەل دەناسێت؟ ئایا ئەو مافەی کە بە گەلانی تری ڕەوا دەبینیت بۆ کوردیش بە ڕەوای دەزانێت؟» ئەوانە هیچیان ڕوون نین. لە ئەڵمانیا ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدار لە هەموو کەس زیاتر باسی مافی مرۆڤ دەکەن، باسی کورد دەکەن، وتەی وەک «مافەکانی کورد» لە ئەڵمانیا زۆر بەکاردەهێنرێت. لە کاتی دانیشتنی ئێمە لە (دادگای) دۆسلدۆرف دادوەر و داواکاری گشتی هەر بەو شێوازە قسەیان دەکرد. دادوەرەکەی دادگا بە منی دەوت «ئێمە پشتیوانی لە بوونی کوردان و گەلی کورد دەکەین، بەڵام پەکەکە ڕێکخستنێکی تیرۆرە و ئێمە لە دژی ئەوەین»، پارێزەرەکەی منیش وتبووی «کورد یەکسانە بە پەکەکە، پەکەکەش یەکسانە بە ئاپۆ»، وتبوی ئەوە پاکێجە لێکدانەبڕاوەکەیە. ئەو کەسانەی کە ئەو پاکێج و بیرەیان قبوڵ نییە و باسی بوون و مافی کوردان بکەن، ئاوا قسەکانیان و کردەوەکانیان هیچ نرخێکی نابێت. لەوکاتەدا پەیوەندی و سیاسەتی تورکیا - ئەڵمانیا زۆر باش بوو. حکومەتی ئەڵمانیا دەیوست



**دوران کاڵکان**

لە بواری ئابوورییەوە سوود لە تورکیا بەدەستبخات.

لە دادگاکەی دۆسلدۆرف داواکاری گشتی وتی «ڕەخنە لە ئەڵمانیا نەگرن. ڕەخنەش لە پەیوەندیی ئەڵمانیا - تورکیا نەگرن، بەڵام دەتوانن بە بەڕێوەبەرایەتیی تورکیا بڵێن فاشیست». بەو شێوەیە دەیانویست گوشارەکان لەسەر تورکیا کەم بکەنەوە. دەیانویست لە ڕێگەی ئێمەوە هەڕەشە لە تورکیا بکەن. بۆ ئەوەی بتوانن سوودی ئابووریی زیاتر لە تورکیا بەدەستبهێنن. مرۆڤ دەتوانێت لەو چوارچێوەیەدا سیاسەتی ئەڵمانیا لەسەر کوردان لێکبداتەوە. دەردی ئەوانە ئەوەیە، کە چۆن گوشار بخەنە سەر تورکیا. ئەڵمانیا بە تورکیا دەڵێت «ئەگەر ئێوە داواکانی ئێمە جێبەجێ نەکەن، ئێمەش کوردان هاندەدەین». ئەڵمانیا نایەوێت هیچ بۆ کوردستان بکات. دەیەوێت مافی کوردان بۆ خۆی بکاتە هۆکارێک بۆ چەوسانەوە و داگیرکردن. ئەو سیاسەتەش بەرامبەر بە تورکیا و ئێران جێبەجێ دەکات».

کاڵکان لەبارەی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK) و ئەڵمانیا وتی «پەکەکە نوێنەرایەتیی ئیرادەی کوردی ئازاد دەکات. ئەگەر ئەڵمانیا پەکەکە قبوڵ بکات، ئەوە بەو مانایە دێت، کە ناتوانێت لە کوردستان بەپێی ئەوەی کە خۆی دەیەوێت هەڵسوکەوت بکات، بەڵام پەدەکە لەگەڵ ئەڵمانیا وا نییە. پەدەکە هیچ ئیرادەیەکی نییە، بە پێچەوانەشەوە کاتێک پەیوەندییەک لەگەڵ پەدەکە دروست بکرێت لایەنی بەرامبەر دەتوانێت تاڵانی و دزی لە پەدەکە بکات و ... هتد».

لەبەر ئەوەشە ئەڵمانیا ناتوانێت بوونی کوردان قبوڵ بکات. بەکارهێنانی وشەکانی کورد و کوردستانیش بۆ ئەوەیە درێژە بە چەوسانەوە و دادۆشینی خۆیان بدەن. کێ دەرفەتی دادۆشینی پێ بدات پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دەبەستێت، بەڵام کێ لە بەرامبەریاندا ڕابوەستێت پێی دەڵێن «تیرۆریست». لەبەر ئەوەش نابێت مرۆڤ بڵێت ئەڵمانیا بوونی کوردانی قبوڵە و مافە دیموکراتیکەکانی دەپارێزێت. لە سیستمی ئەلمانیادا هیچ شتێکی لەو شێوەیە بوونی نییە. لەلای ئەوان بەرژەوەندی، کار و دادۆشین هەیە. لەبەر ئەوەش لە ڕووی مێژووییەوە هەموو کات بە چاوی دوژمن سەیری کوردان دەکەن. بوونی کوردان و بزووتنەوەی ئازادیی کورد بۆ خۆیان بە دوژمن دەزانن».

کاڵکان لەبارەی قەدەغەکارییەکانی ئەڵمانیا لەسەر پەکەکە وتی «لە تشرینی دووەمی 1993 سەرماوەز دا و کاتێک ڕۆژێک مابوو بۆ 15هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پەکەکە، حکومەت و پەرلەمانی ئەڵمانیا پەکەکەیان قەدەغە کرد. بە بۆچوونی من کاتێک ئەڵمانیا بڕیاری قەدەغەکردنی پەکەکەی دا، سەیری ڕێککەوتنی ساڵڕۆژی دامەزراندنی پەکەکەی نەکردبوو، بەڵام دادگا ئەوەی لەبەر چاو بوو. زیندانیکردنمان 6 ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام نەیانتوانیی هیچ تاوانێک بسەلمێنن و نەشیانتوانی سزای زیندانیکردنیش دەربکەن. ئەو دادگاییکردنە بوو بوە بارێک لەسەر شانیان. دادگایکردنەکەیان بە پروپاگەندەی

زۆرەوە دەستپێکردبوو، بەڵام نەیانتوانیبوو لە ماوەی 6 ساڵدا هیچ بسەلمێنن. لەوەشدا و لە هەموو کەس زیاتر دادوەر و داواکاری گشتیی دادگاکەی دۆسلدۆرف نیگەران بوون».

کاڵکان لەبارەی کۆتاییهاتنی دادگاکە وتی «پێش دەرکردنی بڕیای قەدەغەکردنی پەکەکە، دادوەرەکە و داواکاری گشتی هەڵیاندابوو لەگەڵ ئێمە ڕێکبکەون و کۆتایی بە دادگاییەکە بهێنن. خواستبویان چاویان بە ئێمە بکەوێت، ئێمەش وتمان باشە با بێن. ڕۆژێک لەو ژووری زیندانەکەدا من و پارێزەرەکەم دانیشتکێمان لەگەڵیان بۆ مامەڵکردن ئەنجامدا». بابەتی مامەڵەکە ئەوەبوو، کە ئەوان بە منیان وت «ئێمە دەمانەوێت کۆتایی بەو دۆسیەیە بهێنن. ماوەی 6 ساڵە ئێوە لە زینداندان. ئەڵمانیا ناتوانێت ئێوە تاوانبار بکات و دواتریش لێبوردنتان بۆ دەربکات. لەبەر ئەوەش دەبێت ئێوە سزا بدرێن. بۆ سزادانیش بوونی تاوان پێویستە». لێم پرسین ئێوە چیتان دەوێت، وتیان «تاوانەکە قبوڵ بکە. لە دادگا سزاتان دەدەین و دواتر ئازادتان دەکەین. ئێمە بەو شێوەیە دەتوانین کۆتایی بەو دۆسیەیە بهێنین». ئێمەش بەوانمان وت «ئێمە بێ تاوانین. بۆ ئەو تاوانە قبوڵ بکەین. ئەوەتا ماوەی 6 ساڵە لە زیندانەدام. پێش ئەوەی زیندانتان بکردامەیە ئەمەتان بگوتایە. منیش قبوڵم دەکرد، ئەوەتا 6 ساڵ زیندانم. دەوڵەتی ئەڵمانیا دەیەوێت بەوە ڕووی خۆی پاک بکاتەوە، بەڵام ئێمە چیمان دەست دەکەوێت. ئێمە 6 ساڵ زیندانین. دەتوانین 6 ساڵی تریش لە زینداندا بمێنینەوە، بۆیە داواکەتان ڕەتدەکەینەوە».

لە دوای ئەوەی ئەڵمانیا بە ئامانجەکەی نەگەیشت تەنها ئەوەی لە دەستدا مایەوە، کە پەکەکە بە ڕێکخستنێکی تاوانکار ڕابگەیەنێت.

لەبەرئەوەش ئەڵمانیا لە تشرینی دووەمی 1993دا پەکەکەی بە ڕێکخستنێکی تاوانکار ناسی و سزای 6 ساڵ زیندانیکردنیشی بەسەر ئێمەدا سەپاند. بەڵام کاتێک لە ساڵی 1988دا ئێمە دەستگیرکراین، ئەو یاسایە (یاسای قەدەغەکردنی پەکەکە) دەرنەکرابوو. بە بڕیارێک لە ساڵی 1993دا و بەپێشێلکردنی مافەکان، ئێمەیان سزادا. ئێمەش لە بەهاری 1994 دا ئازاد کراین. قەدەغەکردنی پەکەکە لە ساڵی 1993 دا لەسەر ئەو بنەمایە بوو. ئەو قەدەغەکارییە پەیوەندیی بە تێکۆشان لە کوردستان و پەیوەندیی نێوان ئەڵمانیا – تورکیا نەبوو. هەندێک کەس دەڵێن «لە ئەڵمانیا چالاکیی جەماوەری ڕێکخران و لەبەر ئەوە پەکەکە قەدەغەکرا، بەڵام قەدەغەکارییەکە پەیوەندیشی بەوەوە نەبوو».

دواتر دادگای باڵا سزاکەی هەڵوەشاندەوە. دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپاش بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە و ڕایگەیاند، دەوڵەتی ئەڵمانیا تاوانبارە. دەشێنوانی بڕیارەکەی قورستر بکردایە، چونکە 6 ساڵ ئەو مرۆڤانە لە زینداندا دیلکران. دادپەروەری و دیموکراسیی بۆ ئەو بابەتە لە کوێیە؟ کاتێک بابەتەکان پەیوەندیی بە کورد و کێشەی کوردەوە هەبێت، هەق و ماف و دیموکراسی بوونی نییە. لە ساڵی 1988دا زیندانیکرام، بەڵام بۆ لەبەر یاسایەک، کە لە ساڵی 1993دا دەرکراوە، زیندانی بکرێم. گەلۆ شتێکی لەو شێوەیە گونجاوە؟ کەس ئەو پرسیارە ناکات و بیری لێناکاتەوە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکەیە. ئەوەی تا چەند دادپەروەرانە و بەپێی پێوەری مافەکان بوە، بۆ ویژدانی مرۆڤەکانی بەجێدەهێڵین.

**سەرچاوە: یەنی ئۆزگیور پۆلیتیکا**



**پرۆفایل:**

**دوران کاڵکان**

**-بە ڕەگەز ئازەرییە و ساڵی 1954 لە «ئەدەنە» لەدایکبووە**

**-هیچ زانیارییەك دەربارەی خێزانەکەی نازانرێت**

**-لەناو ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بە (عەباس) و (سەلاحەدین ئەردەم) ناسراوە.**

**- دەرچووی کۆلیژی هونەر و ئادابی زانکۆی ئەنقەرەیە.**

**-ساڵی 1978 ئەندامی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان بووە.**

**-ساڵی 1979 لەسەر دەستی ئەندامانی بزووتنەوەی (DDKD) برینداری دەبێت.**

**-یەکێکە لە تیۆریسینە سیاسییەکانی پەکەکە. زۆر بە کەمی لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکاندا بەشدار دەبێت.**

**-ساڵی 1982 چۆتە ناوچەی «لۆلان» لە هەرێمی کوردستان، لە زۆربەی قۆناغەکاندا بەرپرسی چەکدارەکانی باشووری کوردستان بووە لەنێو ڕیزەکانی پەکەکەدا.**

**-ساڵی 1987 لێپرسراوی پەکەکە بووە لە ئەوروپا.**

**-ساڵی 1988 لە ئەڵمانیا دەستگیردەکرێت و ماوەی 5 ساڵ لە زینداندا بەسەردەبات.**

**-دوای دەرچوونی لە زیندان دووردەخرێتەوە بۆ سوریا.**

**-لە لایەن زۆر کەسەوە بە چەپێکی پەرگیر و دژ بەری سیاسەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دادەنرێت.**